


لاوکی هەڵەبجە

---

بە تەنیاجێی مەهێڵن

ئەمشەو زریان دەیچنیٚ

تەم و مژ دایدەپۆشێ

مانگەشەو دەیرفێنیٚ

****

گەروی بەگزنگ تەڕکەن

زامەکانی بەشیلان

بەگۆرانی داپپۆشن

یان بە سەوزی دارستان

****

سەری بەشەپۆلان کەن

با ئەم شەوە ڕاژێنیٚ

باڵای لە هەور بگرن

بروسکەو–با– دەچێنیٚ

****

بە تەنیا جێی مەهێڵن

منداڵێکی لاسارە

شار بەردەباران دەکاو

مانگ دەکات بە کۆلارە

****

سوارە، چ شۆڕە سواریٚ

ئەسپی هەتاو زین دەکات

بەگۆرانی و تیشک و ماچ

سەرزەمین بەرین دەکات

****

با کەژاوەی لە گوڵ بیٚ

یان لە پەلکە زێڕینە

زەماوەنی خوێن دەگریٚ

ئەمشەو پاشای ئەڤینە

****

ئاشقێکی لاسارە

بروسکەو– با – دەیچێنی

HALABJA

**بەتەنیا جێی مەهێڵن**

**مانگەشەو دیڕفێنیٚ**

*************************

**بە نێو کێڵگەی خۆڵەمێشا هەنگاو دەنێم**

**چنگی شەپۆل دەچمەوە،**

**بەسەر باڵای ئێوارەدا**

**هەڵی دەخەم.**

**لە نێوانی سووتان و گوڵە گەنمدا**

**سروودیٚ دەمنوسێتەوە.**

**باوەشت بۆ دەگرمەوە**

**قۆڵەکانم، لەدرەختی خۆڵ دەئاڵێن...**

**قۆڵەکانم، وەك تاڵە خوێن**

**بەسەر بنار و ئاسۆدا شۆڕدەبنەوە.**

**ئەم هەورانەم لیٚ دوورخەوە!**

**سەرم نە لوتکە و گەوەڕە،**

**نە بنارە..**

**تارماییەکان بەرەو لام دێن**

**کەچی ڕۆحم نە ئەشکەوتی پیاوکوژانە،**

**نە جێنەزرگە و سێدارە،**

**شەهیدەکان بە باڵاتا سەردەکەون،**

**لەزێی چاوەکانت دەدەن**

**بۆ ناگەنە ئەم بنارە؟!**

**ئەم بنارە**

**هێشتا بۆنی خوێنی لیٚ دیٚ.**

**هێشتا ڕووبار، ڕەنگی برینی پۆشیوە...**

**خۆی بە سەراب و تینوێتی**

**داپۆشیوە.**

HALABJA

**نەدارستان ئەمشەو سەرم ڕادەژێنیٚ،**

**نە بروسکە!**

**نەگوللەیەك بە خۆیم دەگریٚ**

**نە لوتکە!**

**بەنێو کێڵگەی زوقم و پشکۆدا ڕێدەکەم**

**فڕۆکەکان**

**بیرکردنەوەم دادەبێژن.**

**وەك چیای گڕ**

**بە سەر خۆمدا هەرەس دێنم.**

سێبەری لە خوێنا ونبووم

تاوێرەکان دادەپۆشیێ.

بەرەو لات دێم

قاچەکانم لەنێو تەما دەتوێنەوە.

باوەشت بۆ دەگرمەوە،

قۆڵەکانم لە درەختی خۆڵ دەئاڵێن.

بە نێو کێڵگەی ژیلەوۆدا هەنگاو دەنێم

پەڵە هەورێك بۆرم دەکات

ئێوارە خۆم تێهەڵدەسویێ و

تاریکایی تەڕم دەکات.

لە ڕووباری مێژوو دەدەم

سنگم دەبێتە گۆڕەپان...

قۆڵەکانم دەبن بە تەنگە دەربەندێ

بۆ لەشکری داگیرکەران.

فڕۆکەکان لەناکاو دێن

ڕووتین ، خۆمان بە گژوگیا و

زەردەگەڵا و

بە ئاژاوە دادەپۆشین.

فڕۆکەکان لە ناکاو دێن ،

ڕووتین ، خۆمان بە ئاسمان و

دارستان و

لەپی دەستمان

دادەپۆشین.

چنگێ شەپۆل دەچنینەوە ،

دەیکەین بە دەمامك و ڕەشماڵ...

تاوێرێك هەڵدەکۆڵین و

کەچی ڕووتین ،

ڕووتین خۆمان بە ساچمە و هەوری ژەهراوی دادەپۆشین

هێشتا ڕووتین...!!

ڕووتین...!!

ڕووتین...!!

ئەم تەرمانەم لیێ دوورخەوە !

سەرم نە مەیتخانەیە

نە بنارە...

تارماییەکانم لیێ دەرکە!

ڕۆحم نە ئەشکەوتی چەتە و پیاوکوژانە،

نە جێنەزرگە و سێدارە.

HALABJA

پەڵەهەورێك ئەم هەرێمە دادەپۆشێ
بروسكەیەك ئەم خاكە سووتەمەرۆیە
تاوێك رووناك دەكاتەوە و،
خەو لە چاوی
تەرمە ژاكاوەكان دەدزێ...
خەونە خۆڵەمێشیەكانیان
لەسەر دارستانی گەرد و سەهۆڵبەندان هەڵدەكوڵێ.
بەرەو لات دێم،
شوێن پێی تریفە هەڵدەگرم...
بۆنی گەردنی زێرین و
پرچی باراناویت دەكەم
باسكم لە باڵی خۆلاویت دەئاڵێنم.
ڕێژنەیەكی سوور دادەكات
بیرەوەری دەشواتەوە و
درەختی خۆڵ دەتەكێنێ...
ڕێژنەیەك پەڵەی رەنگاوڕەنگ
لەسەر بەرد و
نێوهەناسە و
ژێرپێڵومانا دەچێنێ.
بروسكەیەك ئەم خاكە سووتەمەرۆیە
تاوێك رۆشن دەكاتەوە،
درەختەكان لەنێو زوقما چرۆ دەكەن.
چریكەیەك جەنگەڵەكە دەشڵەقێنێ...
چریكەیەك
تەرمەكان رادەچڵەكێنێ.
– وریابە.. گیانە..خۆیانن
بەربەریست و
شڕەخۆر و
چەكمە ڕەق و
بەدووەكانن...
بە وێنەی مشكی ناو جەواڵ لەم ناوە تەراتێن دەكەن.
خۆیانن.. بەڵێ خۆیانن
دیسان بۆ نوێژ و
زەكات و
كچ رفاندن..
خڕبوونەوە..
مەلابانگدان.
وەك گەلە گورگی دەم بە خوێن هاتوونەوە.

HALABJA

خۆيانن

بەڵێ

خۆيانن

له سۆراخی رەوشتی دۆڕێندراويياندا...

لەسۆراخی رەوشتی مەزاتكراوياندا...

پەنجه دەخەنه نێو دەم و گيرفانی مردووەكانەوە...

به چنگه خۆڵ

چاوانی نوقمی نێو ترس و

چاوانی پڕ لەپرسياريان...دادەپۆشن.

خۆيانن

تەواو

خۆيانن

چەند سەدەيه نەگۆڕاون، وەك خۆيانن...

وەك خۆيانن...

وەك خۆيانن.

HALABJA

داگيركەران بەنێو هاواردا ردت دەبن،

پەلەيانه !

لەگردەكەی ئەوبەرەوە – لەنێو گەردا – ئاوادەبن،

پەلەيانه !

لەدوای خۆيان ( وەكو سەدان ساڵ لەمەوبەر )

شوێن پۆستاڵ و

پەڵەی خۆڵەمێشی و ئاڵ و

بۆگەنيووی هەناسه، رۆح ، ئارەقيان

جێ دەهێڵن !

هێڵنجم دێ!...

قاچەكانم هەڵم ناگرن،

چ هەوايەكی بۆگەنه!...

مێژوويێكی چەند سوزانی و

چەند چڵكنه! !...

چ سەردمێكی بۆگەنه!

هێڵنجم دێ و

ئەم گياندانه دوايی نايه

هێڵنجم دێ و

ئەم سووتانه سەرەتايه!

چرايەكان داگيرسێنه !

با هێندەی دی تينوو نەبين...

ئالأيەك له شەودا هەڵكه

ناوی دەنێين لقەباران

بە تریفە وتەم تەڕمانکە!
دەبینە گەشە،
یان خەرمان.

ئەمشەو تەمەن لەنێو خۆڵا داگیرساوە.
تەمەن چرای بەربارانە،
نەمامی بەردەم لافاوە.
ئەمشەو دەڵێی لە نێو رۆحا
رووباری (جاپور) هەڵساوە...
زریانی (قەندیل) راساوە.
ئەمشەو دەڵێی هەموو جەللادانی مێژوو
شمشێریان لە رووی رۆحمدا هەڵکێشاوە.
کێ دەزانێ؟
من بێهودە لە کوێ دەمرم!
با زەوی هێمن بێتەوە، وەکو باڵندەی بەر باران
لە پەنای برینەکانتا
ئارام بگرێ.
با لافاوی دوکەڵ و ژان
بۆ ساتێ بنیشێتەوە.
تا پیاوکوژان بە نێزە و گازی ژەهراوی
وێنەی خۆیان
لە سەر لاشەکەت هەڵکۆڵن.

ئەم بنارە
تادێ تەسک دەبێتەوە!
ئەمشەو چەند تەرمی ترمان چاند؟
چەند پەڵە هەوری سەرکەشمان
لە ئاسۆڕا
بەرەو بنار تل کردەوە؟
چەند سروود و
لووتکە و
خەونمان
داگیرسان؟
ئەم بنارە
تادێ تەسک دەبێتەوە!

لێمان ببوورن براینە!
نەماندەویست زامەکانمان بکەینە بەر
ئەم گەلاڕێزان و چەمە...

HALABJA

نەماندەویست پەڵەی سەرسنگی ژنان و
زەردەخەنەی مەییوی رووی منالأنمان
ببنە سیمای ئەم سەردەمە.
ببوورن.. لیٚمان.. ببورن!
( ئیٚوەش ئەی زڕبرایەکان )
نەماندەویست لە نیٚو سەگوەڕ و جەنگەلأ
مەرگی خۆمان لە پاڵ لوتکەدا هەڵکەین و
وەکو گزنگ، بیکەینە بەر گوڵە گەنم...
بیکەینە بەر ئاوارەیی و
داربەن و
کیٚڵگە و
شەونم.
ببوورن.. گیانە.. ببورن!
نامانەویٚ مەرگی لەناکاوی خۆمان
بکەین بە پیٚوەری ویژدان...
بە پیٚوەری دادپەروەری و
رەوشت و
نیٚونەتەوەیی و
برایەتی و
بە پیٚوەری مافی گەلان.

ئیٚمە چەند رووتین لەبەردەم تۆفانی گازی ژەهراوی و
بیٚڕەوشتی ئەم چەرخەدا...!
ئیٚمە چەند تەنیاین لە پرسەی
ئەم شاۆچکە شەهیدەدا!!
ئیٚمە چەند تەنیاین لە شینا!
چەند تەنیاین لە شایی خویٚن و
کەرنەڤاڵی سەربڕینا!
ئیٚمە چەند تەنیاین...!
چەند تەنیاین!!.

ئەم جارەشیان چارەنووسمان بە خەتی درشت
لەسەر هەور و_ با _نووسییەوە...
چارەنووسمان وەکو میرات،
بەسەر خیٚڵی
گورگ وچەقەڵدا بەشییەوە.
چەند سەدەیە خویٚن دەچیٚنین؟
تەمی میٚژوو
خۆڵی سەر روخساری ئاسۆ دەسڕینەوە،

HALABJA

تاوێر و ڕووبار دەکێڵین.

چەند سەدەیە نەمامی مەحاڵ دەدێرین...

کەچی هێشتا تینووین:

وەک ئاو!

بەخۆ نامۆین:

وێنەی مێگەڵی هەڵبڕاو...

تەماوین:

چەشنی دارستان

تەنیاین:

وەک قەوانی سواو

چەند سەدەیە تینووین:

وەک ئاو

تینووین:

وەک ئاو!

لەم خاکە خۆڵەمێشییەدا

چنگێ شەپۆل دەچنمەوە

بەسەر باڵای ئێوارەدا هەڵی دەخەم.

کەژاوەیەک بۆ ئەم کۆچە

لە تریفە و گیا سازدەکەم.

ئەم بنارە

هێشتا بۆنی خوێنی لێ دێ!

ئەم بنارە

هێشتا بۆنی مەرگی لێ دێ!

بە ڕووباری چاوەکانتا دەپەڕمەوە

بنار لە ئاو دامدەتاشێ،

لە شەپۆل و لمم دەگرێ،

بنار وەکو پەڵە هەورێ

پێش– با –م دەدات...

بنار لەنێو کرێوەدا

هەڵم دەکات...

هەڕەمەکی بە هەر چوارلا و

تازە مەنفا و

بەسەر وڵاتی خەڵکیدا

بەشم دەکات.

ئەم بنارە

هێشتا بۆنی مەرگی لێ دێ!

بەرەو بنار نەدەهاتم

بەڵام لوتکە

HALABJA

وەك دێرەخەونێكی لاسار...
وەك ماچەگرِ و جادووگەر،
هەڵی گرتم...
بە شەوارەی بارانەتیشك و نهێنی
گومڕای كردم.

لە بولێڵی وەرزەكاندا
لەتەمۆمیّ
لەپاڵ لوتكەدا بچێنە!
كێڵگە بە گۆرانی تەڕكە
رۆح: بە شەونم،
تینوێتی: بە گوڵەگەنم.
با ئاشق و شەهیدەكان، شەوان بەدیار زڕەخەون و
تەنیاییەوە دانەمێنن...
با وەكو بروسكەی خەنجەر، لەپاڵ مەترسی و تاواندا
وەرزەكان بێداركەنەوە و
شەو ڕاژێنن.

رابە رۆڵە نەبەردەكەم!
رابە شارە شەهیدەكەم!
رابە هاوار و فرمێسكی خۆڵەمێشیی
كۆرپەكانت بشۆرەوە...
رابە ویژدان و جوامێری
بەسەر ئەم دنیا دونیەدا ببەشەوە...
رابە لەكەی شەرمەزاری سەر روخساری
دۆستەكانمان بۆ بسڕەوە.
مانایەكی نویّ بۆ تاوان
بۆ یەكسانی و،
برایەتی درۆزنانەی تۆڕ و ماسی و،
پەت و گەردن
بدۆزەوە!
رابە ڕۆڵە جوامێرەكەم!
رابە شارە شەهیدەكەم!

هەڵەبجە ئاوێنەی رۆحە
شەپۆلێكی پەنابەرە
شەو لە یەخەی تاریكیی و مەترسیی دەدات.
تەرمێكە
لە كفن و تاتەشۆر یاخی بووە.

HALABJA

HALABJA

چرایەکە
هەژارانی ئەم سەردەمە هەڵی دەکەن.
هەلەبجە هەرێمی ژانە...
ئالآی سووری"کۆمۆنە"یە،
ولآتی بێ ولآتانە.
هەڵەبجە هەرەسی هەقە
چنگێ خۆڵە خوێن دەیدێرێ.
داستانێکە
بەیان لە زام دایدەتاشێ...
لەسەر تەم و
دارستان و
خولەمێش دەینووسێتەوە،
رووبار بەدەم گریانەوە
بۆ گیا،
دەریا..
بۆ کەنار و
تریفەی دەگێڕێتەوە.

هەڵەبجە ئاوێنەی رۆحە
هەڵەبجە درەختی خوێنە
خۆڵ دەیدێرێ...
سەری بڕاوی "حوسەین" ە
بە ولآتانا دەیگێڕن
چریکەیەکی زامدارە
ئەم هەرێمە دەهەژێنێ...
زەوی بێدار دەکاتەوە
لوتکە و بنار رادەژێنێ.
هەڵەبجە درەختی خۆڵە
خوێن دیدێرێ.
مەچەکێکی پەڕێندراوە،
لە گۆڕەوە درهاتووە، دەروازەی گەردوون و
ئاشتی و
ویژدان دەکوتێ.
زەحمەتکێشان بە یەك گەروو دەیچڕنەوە:
هەڵەبجە ژانی سەردەمە
هەڵەبجە هەرێمی تەمە
هەڵەبجە ئایندەمانە
هەڵەبجە مەرگی یەزدانە
هەڵەبجە

مەرگی
یەزدانە!

با هەڵەبجە
دوا سیمفۆنیای ئەم شەوە بێ...
با هەڵەبجە
پەیامی سووری نەوە بیٚ...
با دوا کەرنەڤاڵی خوێن و
برینی ئەبەدی رۆحی نەتەوە بێ...
با هەڵەبجە
تاهەتایە هەڵەبجە بیٚ و
هەڵەبجە بێ و
هەڵەبجە بێ!

شەو رەت دەبێ و سروودەکەم تەواو نابێ.
شەو رەت دەبێ و
گەرووم بە گزنگ تەڕ نابێ!
تەمەن وەك گەرد،
وەك زەردەگەڵا و گاشەبەرد
پاییز و بنار دەتەنێ.
بەیەر پردەبازدا دەڕۆم
لاوکەکانم...
هۆنراوە ئاوارەکانم
وەکو چۆلەکەی چاونووساو، بەر دیوار و
رووناکایی و
بەر هاوار و
تاشەبەردەکان دەکەون.
بەناکامی،
لەیەر تەرم و شەپۆلەکان جێ دەمێنین...
برینێك لەسەر گزنگ و
درەخت و
رووبار...جێ دێڵین.

وەرن لەودیو شووشەبەند و لە باڵکۆنی سنوورەوە
بۆ ئەم تەرمانە بڕوانن،
بەرگی نەورۆزیان پۆشیووە...
هەرەمەکی،
وەکو هەرەسی چیای رەنگ
ماوەکانیان داپۆشیوە.

HALABJA

HALABJA

ئەو تەرمانەی
وەك زەردەگەڵای پاییزان
بە ژاکاوی، گوێ رووبار و
وەرز و
شەقام و
بنار و
بەرەبەیانیان تەنیوە.

شەو رەت دەبێ و گۆرانییەکەم تەواو نابێ
شەو رەت دەبێ و
گەرووم بە هەتاو تەر نابێ.
لە نێوانی
تینوێتی و بیرەوەرییدا دادەگیرسێم.
بەیان
خۆڵەمێشەکەم بە گزنگ،
بە تەنکەتەم دەشواتەوە.
گیانە هەموو ڕێگایەکان
لە لەپی دەستەکانتەوە سەرهەڵدەدەن...
لەسەر لەپی دەستەکانت
شەهیدەکان
لەنوێ لەدایك دەبنەوە...
شەهیدەکان
لە سەنگەری دەستەکانتا
سەر لەنوێ شەهید دەبنەوە.

– بە تەنیا جێی مەهێڵن
ئەمشەو زریان دەیچنێ
تەم و مژ دایدەپۆشێ
مانگەشەو دەیڕفێنێ

گەروی بەگزنگ تەڕکەن
زامەکانی بەشیلان
بەگۆرانی داپپۆشن
یان بە سەوزی دارستان

سەری بەشەپۆلان کەن
با ئەم شەوە ڕاژێنێ
باڵای لە هەور بگرن
بروسکەو–با– دەچێنێ

به تەنیا جێی مەهێڵن
منداڵێکی لاسارە
شار بەردەباران دەکاو
مانگ دەکات بە کۆلارە

کاژاوەیەك بۆ ئەم کۆچە
لە تریفە و گیا سازدەکەم.
بەرەو ئەم سووتانە دەڕۆم
کێ دەزانێ
من بێهودە لە کوێ دەمرم؟
بەرەو ئەم سووتانە دەڕۆم
لەسەر سەوزایی دارستان هەڵمکۆڵە،
یان لە چریکە بمتاشە...
تا بلاّم وەك درەختی گڕ
شەو ڕاژێنێ!

کەژاوەیەك بۆ ئەم کۆچە لە تریفە و خۆڵ سازدەکەم.
بروسکەیەك
ئەم خاکە سووتەمەرۆیە تەڕ دەکات و
خەو لە چاوی
تەرمە بێنازەکان دەدزێ؟!
چ هەنگاوێکی سەختە؟!
چ هەڵدێر و وەچەرخانێکی مێژووییە؟
بنارەکان رووە و هەوراز هەڵمان دەگرن،
هەوراز بەرەو سنوور و
تینوێتی و
مەنفا.. !
تا لە سنوور ئاوا دەبین
تەنیا چەپەری زریانە!...
دەنگدانەوەی بێدەنگییە..
ئاوازی ئاگاربارانە،
لورەی گورگە،
نسێی داڵە
رەوینەوەی تەنکەتەمی نیوان یەقین و گوانە.
تا لە سنوور ئاوادەبین بۆشاییە و
بۆشاییە و
بۆشایی!
تا لە سنوور ئاوادەبین بۆنی گازی ژەهراویی و

HALABJA

ژەهراوییە و
ژەهراوی!
نە دارستان ئەمشەو سەرم رادەژێنێ،
نەبروسکە..!
نە گوللەیەك بە خوێم دەگرێ،
نە لوتکە..!

بە نێو کێلگەی ژیلەمۆدا بەرەو لات دێم
پێیەکانم لەدوام نایەن.
سەر بە هەر دەوەن بەرد و گیایەك دەکەم
ژەهراوییە...
باوەش بە هەر هاژە و لاوکێکا دەکەم
ژەهراوییە...
پەنا بۆ هەر دۆستێ دەبەم
پەل بۆ هەر شەپۆلێکی ئاشنا درێژدەکەم
ژەهراوییە
بۆنی بارانی بەهار و
تاڤگە و
باڵەفڕەی باڵندە و
سەگوەڕ و
ماچی لێوانمان
ژەهراوین و.. ژەهراوین و.. ژەهراوین..!
نیگای سڕ و حەپەساومان
دادپەروەری و
قاسپەی کەو و
جاڵجاڵۆکە و
کوردایەتی و
پەڕەسێلکە و
نزا و هاواری خنکاومان
ژەهراوین و.. ژەهراوین و.. ژەهراوین..!

چرایەکان داگیرسێنە!
با هێندەی دێ تینوو نەبین،
ئاڵایەك لە شەودا هەڵکە
ناوی دەنێین لقەباران...
بە تریفە و تەم تەڕمانکە!
دەبینە گەشە،
یان خەرمان.

HALABJA

کەژاوەیەك بۆ ئەم کۆچە لە تریفە و گیا ساز دەکەین
لەنێو شەودا
گۆڕێکی قووڵی بەکۆمەڵ هەڵدەکەنین،
کەچی دەبێ بە دەلاقە و
بەسەر دەستڕێژدا دەڕوانێ.
با لاوکێ بە کەپری ئەم ژانە..
یان سروودێ
بە جۆلانەی ئەم گیاندانە!
زریانێکی ناوەخت هات
بەسەر تاوێر و رووباردا چەمایەوە،
ئێمە باڵای وەرزەکانمان لە لاوك گرت...
چرای نەوەیەکی وێڵمان
بەنێو تونێلی زریانا بەڕێ دەکرد.
نەوەیەکی بێئایندە و سەرەڕۆ بووین...
لەنێو خۆڵ و
پاشکۆی زیل و
ئاوارەیی و
دەسڕێژا... چاومان هەڵهێنا،
بەرخۆلەی بەردەم چەقۆ بووین...
نەوەیەکی
بێئایندە و سەرەڕۆ بووین..
سەرەڕۆ بووین.
نهێنییەکان دەپشکنم
تا لەنێوان هەقیقەت و چاوەکانتا
سنوورێ بۆ ئەم گومانە بدۆزمەوە..
تا ئاڵاکەم، لەسەر کەلاوەکان هەڵکەم،
گەردی سەدەکان لەسەر ڕۆح...
شوێنەواری داگیرکەران لەسەر کانی و
زەردەخەنە و
باران و
گیا و
لەسەر پەنجەرەی ژوورەکەم بسڕمەوە.
نهێنییەکان دەپشکنم
تا داستانی ئەم داستانە
یان تاوانی ئەم تاوانە
بۆ نەوەکەم بنووسمەوە.

ئەوا دیسان، زامەکانمان کردەوە بەر
ئەم گەڵاڕێزان و چەمە...

HALABJA

پەڵەی سەرسنگی ژنان و
زەردەخەنەی تەزیوی رووی منالأنمان
بوونە سیمای ئەم سەردەمە.
ئوا دیسان لەنێو سەگوەڕ و جەنگەلأ
جوانەمەرگیمان هەڵدەکەین
وەکو گزنگ
دەیکەینە بەر گوڵەگەنم
دەیکەینە بەر ئاوارەیی و
داربەن و
کیڵگە و
شەونم.
ئێمە چەند رووتین لەبەردەم تۆفانی گازی ژەهراوی و
بێڕەوشتی ئەم چەرخەدا..!
ئێمە چەند تەنیاین لە پرسەی
ئەم شارۆچکە شەهیدەدا..!

بنوو کۆرپە شیرینەکەم!
چیتر دەنگی دەسرێژ و فرۆکە نایە...
بنوو رۆحە شەکەتەکەم!
بۆنی گاز و خوێن و جانەوەران نایە.
بنوو بە خاک
بە رووتێتیم،
بە مەرگی خۆم و
تینوێتیم
ئەم سووتانە سەرەتایە...
بنوو بە پەلکەزێڕینە...
بە نێرگز و
جەمەدانی و
لاوکەسوورە و
بە ئامێزی داگیرساوم.. داتدەپۆشم
ئەم تاوانە دوایی نایە...
بنوو کۆرپە لاسارەکەم
ئەم تاوانە سەرەتایە...
بنوو رۆحە شەکەتەکەم..
ئەم سووتانە دوایی نایە..
بنوو
جگەرگۆشەکەم
بنوو..

HALABJA

–گەروی بەگزنگ تەڕکەن
زامەکانی بەشیلان
بەگۆرانی داپپۆشن
یان بە سەوزی دارستان

با کەژاوەی لە گوڵ بێ
یان لە پەلکە زێڕین
زەماوەنی خوێن دەگرێ
ئەمشەو پاشای ئەڤینە

سوارە، چ شۆڕە سوارێ
ئەسپی هەتاو زین دەکا
بەگۆرانی و تیشك و ماچ
سەرزەمین بەرین دەکات

ئاشقێکی لاسار
بروسکەو– با – دەیچێنی
بەتەنیا جێی مەهێڵن
مانگەشەو دیرفێنێ

کانوونی دووەمی ١٩٨٩

ماڵپەری هەڵەبجە ئەم شاکارە شیعرەی نووسەری گەورەی گەلەکەمانی بە شێوەی نامیلکەیەکی ئەلەکترۆنی نووسی و بڵاوی دەکاتەوە، بە سوپاسەوە وەك چەپکەگوڵێك دەیکاتە دیاری بۆ نووسەری

لاوکی هەڵەبجە، مامۆستا ڕەفیق سابیر، هیواداریندپەسەندی بکات

ماڵپەری هەڵەبجە ٢٠٠١/١٠/١٧

HALABJA

HALABJA